www.kurdistannet.org
یەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:16 7-7-2006

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (موبادەرە) کەی یەکگرتوو بە نرخ و پێزانینەوە هەڵدەسەنگێنێ

**دوای ئەوەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان داواکەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی قەبوڵ کرد سەبارەت بە دەست هەڵگرتن لە داوا یاساییەکەی لەسەر کاک سەرۆ قادر، سەندیکای ناوبراو ئەم نووسراوەی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کرد**

**ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**برایانی بەرێز لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

**سڵاورێز..**

**ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان موبادەرەی دەست هەڵگرتنتان لە داوا یاساییەکەی کە دژی (سەرۆ قادر) بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمار کرابوو بەنرخ و پێزانینەوە هەڵیدەسەنگێنێ کە تێیدا رەچاوی ناسکی بارودۆخی (کوردستان) تان کردووە. هیوادارین هەموو لایەکمان لە روانگەی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستانەوە هەنگاو بنێین و رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندنیش ببنە هۆکار و ئامرازی ئەم ئەرکە پیرۆزە..**

**دووبارە سوپاس و پێزانینمان لێ قەبوڵ بکەن**

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

2006/7/6